وەزارەتـــی خـوێنـدنی بـــالاَ و
تـــــوێـژینـــەوەی زانـســـتی
زانـکـۆی صـــلاح الـــدیـــن
کـۆلیژی بـەڕێوەبردن و ئابووری
بــــــەشـــی کارگێری کار ( ب )

## ڕا پۆرت دەربارەی

# ڕاهـــێـــنــــانی کرێکاران

**ئامادەکردنی قوتابی**

**شـــادیه أحــــمد عزیـــز**

2015م    1436 هـ    2715ك

# ناوەڕۆك



| | ناوی بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | سوپاس و پێزانین | 2 |
| | پێشەکی | 3 |
| 1 | چەمکی ڕاهێنان | 4 |
| 1.1 | گرنگی ڕاهێنان | 5 |
| 2.1 | بنەماکانی کاری ڕاهێنان | 6 |
| 3.1 | سوودەکانی ڕاهێنان | 7 |
| 4.1 | جۆرەکانی ڕاهێنان | 10-8 |
| 5.1 | لێپرسراویەتی ڕاهێنان | 11 |
| 6.1 | شێوازەکانی ڕاهێنان | 12 |
| | کۆتایی | 13 |
| | سەرچاوەکان | 14 |

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ مامۆستاکەم ( م.کاروان ) کە زۆر یارمەتی داوم
- سوپاس بۆ ئەندامانی خیزانەکەم کە زۆر هاندەرم بوون
- سوپاس بۆ هاوریکانم کە یارمەتیان لە تەواو کردنی ئەو را پۆرتە
- سوپاس بۆ قوتابیانی کۆلیژی بەرێوەبردن و ئابووری بۆ یارمەتی دانم و دەوڵەمەندکردنی را پۆرتەکەم بە زانیاری زیاتر.

تویژەر

## پێشەکی :

وا دادەنرێت کەوا راهێنان هەڵبژاردەیەکی ستراتیژییە بۆ کۆمپانیاکان بە گشتی لە سیستەمی زانیاری وەکو سەرچاوەیەکی مرۆیی کە توانای هەیە بۆ دابین کردنی پێداویستی کار و بەردەوامبوونی خێرا لەگەڵ گەشەسەندنەکان و گۆرانکاریە خێراکان کەوا ڕوودەدات ، بەم بۆنەیەوە کۆمپانیاکان دەست پێشخەری دەکەن لە دروست کردنی بەشێکی تایبەت لە راهێنانی تکنیکی و هونەری و لێهاتوویی بۆ فەرمانبەرەکان یاخود کرێکارەکانی کۆمپانیاکەیان یاخود رێکخراوەکەیان ، وە ئەم گەشەکردنە بە ئاستێکی گشتی بۆ ڕووداوەکان و پێشکەوتنێکی ئەرێنی لە ئەدائی فەرمانبەرەکان و ئامادەکردنیان بۆ راهاتن لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی داهاتوو ، وە لەم ڕووانینە دوورەوە گرنگی راهێنان بەدیار دەکەوێ لە باشترکردنی ئەدائیان وە بەردەوام بوون لەگەڵ تەکنەلۆژیایی سەردەم و رێخستنەکان ، وە کەم کردنەوەی پێداویستی بۆ سەرپەرشتی کردن ، باشترکردنی خزمەتگوزاریەکانی کۆمپانیا یان رێکخراو ، کەم کردنەوەی ڕێژەی ڕووداوەکان لەکارکردن ، وە بەدەست هێنانی جێگیربوونی پیشەیی .

لەنێو ئەو هەموو ساڵانەی کە رۆیشتووە ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەست هاتوون لە رێکخراو و کۆمپانیاکان یاخود فەرمانگەکان لەبۆ ڕوانینی داهاتوو لە گواستنەوەی بەش بۆ سەنتەری راهێنان کە لە پێشەوەیە لە زۆر بوارەکاندا، یارمەتی دەرێکە لە سەنتەرەکانی ڕاهێنانی جیهانی لە ڕووداوە جۆراوجۆرەکان وە بڵاوبوونەوەی جوگرافی وە داهێنانی شاز وە زیادکردنی تواناو زانیاری راهێنەران وە یارمەتی دان لە توانای ئەدای کارکردن بە لێهاتوویەکی بەرز وە بەرزکردنەوەی توانای کرێکاران لە پلە و پیشەی نوێ .

توێژەر

## 1. چەمکی ڕاهێنان

ڕاهێنان بەخودی خۆی وەکو ئامرازێکی کارگێری و هونەری کارێکی زانستی و بە گەیاندنی توانای مرۆڤ بۆ بەرزترین ئاست بەشێوازێك کە بەکارهێنانێکی نموونەیی بۆ سەرچاوەی مرۆیی بەردەست جێ بەجێ بکات بۆ هەموو کۆمەڵگا و ڕێکخراوەکان .

بە ڕای ( طعاني ، 2007 ، ص16 ) : کردارێکە یارمەتی ئامانجی تاکەکان دەدات بۆ بەرەوپێش بردن و چاك کردن و پێش خستن و گەشەسەندنی توانا و لێهاتوویی و زیادکردنی زانیاریان . بە ئامانجی گۆڕینی یان چاك کردنی ڕەوشتەکان یان ئاراستەکانیان بۆ جەخت کردنەوە لەلایەنەکانی ئەرێنی لە کارەکانیان .

وە ( حمود و الخرشە ، 2007 ، ص13 ) وادەبینن کە ڕاهێنان پرۆگرامێکی کار و زانستی یە بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی ڕێکخستن و ڕاهێنانی بەردەوام لە ڕێکخراو تاکو تاك لەچوارچێوەی زانیاری و لێهاتوویی و تواناکانی و بیرۆکەکان بەدەست بهێنێت کە پێویستن بۆ ڕا پەڕاندنی کارێکی دیاریکراو یاخود گەیشتن بە ئامانجێکی دیاری کراو .

وە هەروەها ( أبو شیخة، 2010، ص22 ) : ئەو کردارە گوازراوە ئەرێنی یەیە بۆ ڕەفتاری تاك لە ڕوانگەی توانایی یاخود پیشەیی ، پێکاندنی ئامانجی بەدەست هاتوو لە زانین و ئەزموون و ئاراستەی گونجاوەکان بۆ پیشە کە کاردەکاتە سەر باشترکردنی ئاستی ئەدائیان .

## 1.1 گرنگی ڕاهێنان

کاری ڕاهێنان ئەو گرنگیانەی هەیە بۆ ڕێکخراوەکان : ( مرعي ، 2010 ، ص259 )

1- یارمەتی دانی دەزگاکان بە تواناکانی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لەڕێگای چاك کردن یان باشکردنی جۆرەکانی بۆ گونجاندنی لەگەڵ داواکاریەکانی کە هەن .

2- ڕاهێنان لەسەرپەرشتی کەم دەکاتەوەچونکە شوێن ڕاهێنەر هەڵەی کەمە وە چاودێری کەسی لەسەر خۆی جێ بەجێ دەکات .

3- بەرزکردنەوەی دلسۆزی بۆ کارەکەیان پاش ئەوەی کە شارەزایی پیشە نوێکان دەبن وە زیادکردنی توانایان بۆ ئەنجامدانی و جێ بەجێ کردنی لەخودی خۆیان لەلایەن کە ڕازی بوونە بە خودی خۆیان و کەرەکانیان .

4- پێگەیاندنی کارکەرەکان بۆ کارکردن لە پیشەی بەرزتر لە داهاتوو لەجیاتی پەنا بردنە بەر سەرچاوەی دەرەکی.

5- چاندنی ڕەوشتی و کارو هەلسوکەوتی نوێ وە شێوازی بیرکردنەوەی ڕاست و دروست کە دەبێتە هۆی دروست بوونی ژینگەیەکی باش بۆ کارکردن .

6- دانانی پێداویستیەکانی پارێزگاری و سەلامەتی لە کار و پیشە بۆ کارکەرەکان پاش باش کردنی توانا و لێهاتویەکانیان لەکار کە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی پێداویستیەکانی کار و نەخۆشی توانا .

7- بەرزکردنەوەی رێژەی بەرهەم هێنان یان زیادبونی توانا و لێهاتوویی کارەکان و باش بوونی لەجیٚ بەجیٚ کردنیان .

8- کەم کردنەوەی تێچووەکان بەهۆی زیادبوونی خبرە و ئاستی جیٚ بەجیٚ کردن کە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی رێژەی هەڵەکان وە تێچووی کار .

9- بەدەست هێنانی جێگرەوە لە بەرهەم هێنان چونکە تاکەکان راهێنراون و دڵنیایی بەردەوامی لە ئیش کردن بە توانایەکی بەرز .

## 2.1 بنەماکانی کاری ڕاهێنان

بۆ ئەوەی رێکخراوەکان ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن لە پرۆگرامی راهێنانی کرێکارەکانیان پێویستە ڕەچاوی کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی بکەن بۆ کاری ڕاهێنان لەوانە : ( تیشوری ، www.ahewar.org )

- **ئامانج :** پێویستە ئامانج لە ڕاهێنان دیاریکراو و ڕوون بێت بەگوێرەی پێداویستییەکانی داهاتی راهێنراوان وە ڕەچاوکردنی کەوا ئامانجەکە بابەتی و ڕاستی بیٚ و بتوانرێت جیٚ بەجیٚ بکرێت .

- **بەردەوامی :** ئەو بنەمایانەش بەوە دێتەدی کەوا کاتێك ڕاهێنانەکە دەست پیٚ دەکات بە هەست پێکردنی ژیانی پیشەیی تاك وە بەردەوام دەبیٚ لەگەڵی هەنگاو بە هەنگاو بۆ پێش خستن و پەرەسەندنی تاکو لەگەڵ پێداویستیەکانی پیشەیی تاك تاکو بەردەوام بیٚ لەگەڵی قۆناغ بە قۆناغ .

- **گشتگیری :** پێویستە ڕاهێنان لەهەموو ئاستەکانی پیشەیی (وظیفی) ئەو رێکخراوە بێت وە هەموو چینەکانی پیشەیی بگرێتەوە .

- **پلەبەندی :** ڕاهێنان بە چارەسەرکردنی بابەتە ئاسانەکان دەست پیٚ دەکات پاشان پلە بە پلە یان هەنگاو بە هەنگاو دەچنە سەر بابەتە ئەستەمەکان (گرانەکان) .

- **ڕۆیشتن لەگەڵ گەشەسەندنەکان :** بۆ ئەوەی ڕاهێنان دیاری کراوبێت و وە هەمووان تێدا سوودمەند بن پێویستە هەموو هۆکارێکی نویٚ و باسی لە هەموو بوارەکانی کار بکرێت بەشێوازی نویٚ و تەکنەلۆژیای ڕاهێنان .

- **راستی بێت (واقعی) : ئەمەش دابینی پێداویستیە سەرەکیەکانی ڕاهێنەرەکان جێ بەجێ بکات و بگونجێ لەگەڵ ئاستیان .**

- **پێویستی ئە نجامدانی کردارەکی بۆ ڕاهێنەر : پێویستە ڕاهێنراو بەشداری پێ بکرێ وە بواری بۆ برەخسێ وە کاتی گونجاوی بۆ برەخسێنرێ بۆ فێربوون بۆ ئەوەی زانست و زیرەکی وەربگرێت وە ئەو ئامرازانەی بەکاردێت بۆ ڕاهێنان پێویستە بگونجێ لەگەڵ ئەوەی کەوا هەیە لەشوێنی کارکردنی .**

- **وەبەرهێنانی پرۆگرامی ڕاهێنان بۆ ئە نجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی کرداری وەك بنەمایەك بۆ پێش خستن و چاك کردنی ئەم پرۆگرامە .**

## 3.1 سوودەکانی ڕاهێنان

**ڕاهێنان چەندین سوود و گرنگی هەیە بۆ فەرمانگەکان و ڕێکخراوەکان وەك ئەمانەی خوارەوە : (هاشم ، 1989 ، ص257)**

1- **زیادکردنی بەرهەم و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەت گوزاریەکان و کەم کردنەوەی دەورانی کار .**

2- **ڕاهێنان زۆر پێویستە بۆ فێرکردنی فەرمانبەری نوێ وە دانانی بناغەیەکی سەرەتایی لەچوارچێوەی ڕێکخراو بۆ کارەکە تاوەکو بگونجێ لەگەڵ کارەکە و ڕێکخراوەکە .**

3- **ڕاهێنان تەنها توانای کرێکارەکان پێش ناخات بەڵکو هەڵسوکەوتی کرێکارەکانیش باشتر دەکات و پێشی دەخات لەکارکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکە و سەرۆکەکانی .**

4- **ڕاهێنان پێویستە بۆ ئامادەکردنی کرێکارەکان تاوەکو پیشەی گەورە و گران لەئەستۆ بگرن .**

5- **ڕاهێنان وادەکات بۆ پێشخستنی نێوان تاکەکان لەناو کۆمەڵەی کرێکاراندا وە ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزبوون و زیاتر کاریگەربوونی ئەو کۆمەڵە وە ئاستێکی بەرز بۆ ئە نجامدانی کارەکانیان .**

6- **ڕاهێنان پێویستە بۆ ئەوەی توانا و زانستی کرێکارەکان زیاد بکات لەئاستی جێ بەجێ کردن چونکە توانای جێ بەجێ کردنیان پێش دەخات لەهەموو بوارە جیاوازەکانی بەڕێوەبردن سەرەڕای ئامادەکردنی بەڕێوەبەری داهاتوو وە ئامادەسازدانیان بە توانا کارگێریەکان تاکو لە داهاتوودا پرۆگرامی کارگێری بەرز لە ئەستۆ بگرن .**

7- ئەم ڕاهێنانانە کردارێکی بەردەوامە بۆ هەموو کرێکارەکان دەرەخسێ بەدرێژایی ژیانی پیشەییان ئەمەش وەکو وەبەرهێنانی سەرچاوەی مرۆیی کەوا لەبەردەستە لەهەموو ئاستە جیاوازەکاندا وە سوودەکەشی بە قازانج دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراوەکە و ئەوانەی لەناو ڕێکخراوەکە کار دەکەن .

8- دەبێتە هۆی تێکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی بەڕێوبەرەکان وەکو پێداویستی سایکلۆجی وە هەروەها پێگەیاندنی خود لە ئە نجامی بەرامبەر بوونی ڕاهێنانە کارگێریەکە لەگەڵ ئاستی حەز و ئارەزووەکانیان وە ئەمەش بەباشی دەگەڕێتەوە جۆری بەرهەم هێنان لە ڕێکخراودا .

9- هەماهەنگی بوون لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەسەندنی زانستی و تەکنەلۆژی لە ژیاندا .

## 4.1 جۆرەکانی ڕاهێنان

ڕاهێنان وەك هۆکارێك بۆ گەیشتن بە ئاما نجەکانی هەر دەزگایەك لە ڕێگای گەشە پێکردنی تاکەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی کارکردنیان دەگۆڕێت بە گۆڕانی ئاما نجەکان و چۆنیەتی کارکردن و ئاستە جیاوازەکانی، هەروەها لە دەزگایەکەوە بۆ دەزگایەکی تر دەگۆڕێت بە پێی سروشتی کرداری بەرهەمهێنان و توانستە دارایی و ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە تیایدا کاردەکەن.( نبیل ، www.hrdiscussion.com )

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین پۆلێکردنی جۆراوجۆر هەیە بۆ ڕاهێنان، وەك پۆلێن کردن لەسەر بنەمای ئامانج یاخود بە پێی شوێن و قۆناغەکانی کارکردن.

دەتوانین جۆرەکانی ڕاهێنان پۆلێن بکەین بۆ:

1- ژمارەی ئەو تاکانەی کە پێویستە ڕاهێنانیان پێ بکرێت، چونکە ژمارەی تاکەکان جۆری ڕاهێنانەکە دیاریدەکات_ئایا بە تاك بێت یان بە کۆمەڵەکی.

2- کاتی دیاریکراو بۆ ئە نجامدانی ڕاهێنەکە، چونکە جۆری ڕاهێنانەکە دەگۆڕێت لەو کەسانەی کە تازە تامەزراون بۆ ئەو کەسانەی کەوا دەمێکە کاردەکەن.

3- توانستی شوێنە فەراهەمەکان بۆ دابین کردنی شوێنی گونجاو بۆ ڕاهێنان لە جێگای کارکردن یاخود لە شوێنێکی تر.

4- توانستە لۆجیستییە فەراهەمەکان، وەك خەرجییەکانی ڕاهێنان و ڕادەی بەرگە گرتنی ئەم دەزگایانە بۆ ئەم خەرجییانە بۆ هەر جۆرێك لە جۆرەکانی ڕاهێنان و بودجەی تەرخانکراو،چونکە بوونی دارای پێویست یارمەتی دیاریکردنی جۆری ڕاهێنەکە دەکات.

5- بابەت یاخود ناوەرۆکی ڕاهێنان : ( حمود و الخرشة ، 2007 )

### 1.4.1 ڕاهێنان بە پێی ئاستی ڕێکخستن.

پێشکەشکردنی پرۆگرامەکانی ڕاهێنان بە پێی ئاستی ڕێکخستن ، ئەمانەن:

**أ- ڕاهێنانی پیشەیی:** ئامانجی ئەم ڕاهێنانە فێربوونی کار و زانیارییەکە کە بتوانی لە کارێکی دیاریکراودا بەکاری بهێنیٚ، ئەمەش ئەم جۆرەش تایبەتە بە تازە دامەزراوەکان و هەندێك جار بۆ ئەو کەسانەش دەبێك کەوا دەمێکە لەم بوارەدا کاردەکەن بە ئامانجی نوێکردنەوەی زانیارییەکانیان.

**ب- ڕاهێنانی کارگێڕی:** ئەمەش ئەم کەسانە دەگرێتەوە کە لە بواری کارگێری و ڕێکخستن دا کاردەکەن، زیاتر جەخت لەسەر ئەو کەسانە دەکرێتەوە کە لە کارگێری ناوەند و خوارتر کاردەکەن،هەدێك جاریش بۆ ئەو کەسانە ئەنجامەدرێت کە پێویست دەکات ئامادە بکرێن بۆ سەرکردایەتییەکی بالآ،ئەم گەشەپێدانەش لە ڕاهێناندا پشت دەبەستێت بە چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێگاکانی دەرکردنی بڕیار و هەلسوکەوت لایەنە مرۆڤایەتییەکان.

### 2.4.1 ڕاهێنان بە پێی کات:

ئەم جۆرە ڕاهێنانە پشت دەبەستێت بە ماوەی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنان :

**أ- ڕاهێنانی ماوە کورت:** ئەم جۆرە ڕاهێنانە هەفتەیەك تا شەش هەفتەی پێدەچێت، لەە شێوازەدا جەندین خولی چڕو پڕ دەکرێتەوە کە لیرەدا کەسی ڕاهێنەر تەنها خالە سەرەکییەکان باس دەکات بیٚ ئەوەی بچێتە ناو ووردەکارییەکانەوە .

**ب- ڕاهێنانی ماوە درێژ:** ئەم جۆرە ڕاهێنانە دەگاتە سالێك یان زیاتر، ئەم جۆرەیان بەوە دەناسرێتەوە کەوا بەشداربووەکان زانیاری ورد و تەواویان دەستدەکەوێت زیاتر سوودمەند دەبن بە بەراورد لەگەل **ڕاهێنانی ماوە کورت**، وەهەروەکا راهێنەر کاتی تەواوی هەیە بۆ باسکردنی وردەکارییەکان و ئەو زانیارییانەی کەوا پێویستن.

### 3.4.1 ڕاهێنان بە پێی جۆری تاکەکان:

ئەم شێوازە لە ڕاهێناندا دوو ڕەهەندی هەیە:

**أ- ڕاهێنانی تاکەکەسی :** ئەم شێوازە لە ڕاهێنان پێشکەوتنی توانستەکانی تاکەکەس دەگرێتەوە کە زیاتر پەیوەستە بەو تاکەکەسانەی کە لە ئاستێکی بەرزی کارگێڕی و هونەری دان.

**ب- ڕاهێنانی بە کۆمەل:** لەم جۆرە شێوازەدا کۆمەلێك کەس لە بنکەی ڕاهێنان کۆدەبنەوە بۆ پەرەپێدانی توانستەکانیان لە بوارێکی دیاریکراودا، وەکو ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی ئامێر و کۆمپیوتەرو تەکنەلوژیای نویٚ.

### 4.4.1 ڕاهێنان بەگوێرەی ئامانجەکان ( www.stooob.com )

**أ- پرۆگرامی ئاپستەکردن و ڕاهێنان**،بریتیە لە پێدانی زانیاری بە کرێکار لە بواری کارەکەی و ژینگەی دەوروبەر،وە دەست نیشانکردنی هۆکارو ڕێگاکانی سەرکەوتن و پێشخستن بە شێوەیەکی سەردەمیانە بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی کە ڕاهێنەرەکە هەیەتی.

**ب- ڕاهێنانی لێهاتوویی**،هەوڵ دان بۆ زیادکردنی توانای کارگێڕیەکان لە جێبەجێ کردنی کارێکی دیاریکراو وە بەرزکردنەوەی لێهاتویی لە جێ بەجێ کردنی دا.وە ئامانج لەم جۆرە ڕاهێنانە زیادکردنی چالاکی کارگێڕیە وە چاودێریکردن کە پێویستە بۆ ئەو کارو چالاکیەی کە ئەنجامی دەدەن.

**ج- ڕاهێنانی چارەسەرکردن** :ئەمەش بە کادەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە کاتی بوونی هەر شکستێك.ئەم جۆرە ڕاهێنانە زۆر پێویستە بۆ کرێکار کە وادەکات ورەی بەرز بێتەوە.

## 5.4.1 ڕاهێنانی پلە بەرزکردنەوە

ئەمەش بریتیە لە باشتر کردنی تواناکانی فەرمانبەر بۆ گرتنە دەستی کارێکی پلە بەرزتر،ئەمەش وا دەکات کە کرێکارەکە باشتر کارەکانی ئەنجام بدا لە بەر ئەوەی لە یەك شوێنی کارکردن نامێنێتەوە کە ببێتە هۆی بێزاربونی لە کارەکەی.

## 6.4.1 ڕاهێنانی هەڵسوکەوتی

بریتیە لە گۆڕینی شێوازو تێڕوانینی بەڕێوبەرەکان کە پەیوەندی دەکەن لە کاتی جێبەجێ کردنی کارەکانیاندا.وە جیاوازی لە نێوان ڕاهێنانی هەڵسوکەوتی و ڕاهێنانی لێهاتویی ئەوەیە کە ڕاهێنانی هەڵسوکەوتی بریتیە لە پێشکەش کردنی بیرکردنەوەی نوێ وە هەوڵ دانبۆ باوەڕپێکردنی بەکارهێنانی ڕێگای نموونەیی و زانستی وواقعی بۆ زیاد کردنی توانای لە سەر نەخشەکێشان.

## 5.1 لێپرسراوێتی ڕاهێنان

**لێپرسراوێتی ڕاهێنان لە ڕێکخراوە جۆراو جۆرەکاندا زیاتر دەکەوێتە سەر شانی کارگێرییە باڵاکان کەوا لێپرسراوێتی هەڵسوڕانی هێزە مرۆییەکان دەگرنە ئەستۆی خۆیان لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکە یاخود لەسەر ئاستی بەشێك لە بەشکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری یان هەر بەشێکی تر، ئەم جۆرە چالاکیانە وەك: ( حمود و الخرشە ، 2007 ، ص 139-140 )**

**1- بەڕێوەبردنی سامانە مرۆییەکان:** **زۆری سامانە مرۆییەکان بە لێپرسراوی کارگێری ڕاهێنانی کرێکارە تازە دامەزراو و کۆنەکان دادەنرێت لەبوارەکانی کارکردندا کەوا پێویستی چاکسازی و پێشکەوتن هەیە لەگەڵ داهێنراوە زانستی و هونەرییەکاندا لە گشت بوارەکانی کارکردن لە ڕێکخراوەکەدا، بۆیە بەرپرسانی ئەم بەڕێوەبردنە چاودێری پێداویستییەکانی ڕاهێنان و هەڵسەنگاندنی بەشداربووان لە کردای ڕاهێناندا دەکەن بۆ دڵنیابوون لە ڕاددەی سوودمەندبوونیان دڵنیابوون لەوەی تا چ ڕادەیەك پرگرامەکانی ڕاهێنانەکە توانیویەتی ئاما نجەکانی بهێنێتە دی لەو کاتەی کە بۆی دیاریکراوە بۆ جێبەجێکردی،وەهەروەها بەرپرسە لەسەر بەرزکردنەوەی ڕا پۆرت بۆ بەڕێوەبەرایەتی سەرووی خۆیان سەبارەت بە ڕاهێنان و پێداویستییەکانی و کۆکردنەوەی گشت ئەو چالاکییانەی کە پەیوەستن بە ڕێکخراوەکەیان.**

**2- بەڕێوبەرەکانی یەکە کارگێڕییەکان:** **بەڕێوبەرەکانی یەکە کارگێڕییەکان لە ڕێکخراوەکەدا دادەنرێن بە بەرپرس لەسەر کرێکارەکانی تر و دیاریکردنی ماوەی پێویست بۆ ڕاهێنانیان و بەرنامەی پێویست بە پێشخستن و ڕاهێنانیان، بۆیە بەڕێوەبەرەکان هەڵدەستن بە دیاریکردنی ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە دەبێت بەشدار بن بۆ بەڕێوەبەرایەتی سامانە مرۆییەکان بۆ پێشخستنیان و لە ڕێگای پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و کاری تر وەك نوسینی ڕا پۆرت و بەبەردەوامی بۆ ڕا پەراندنی کارەکانیانن.**

**3- سەرپەرشتیاران :** **سەرپەرشتیار بەرپرسی ڕاستەوخۆیە لەسەر ئەو کرێکارانەی کە لەگەڵی کاردەکەن، بۆیە بە بەردەوامی بەدوداچون دەکات سەبارەت ڕاهێنانەکانیان و بەو کارانە هەڵدەستێت کە پێی سپێرراوە ، زۆر جاری بەرپرسە لە پێشکەشکردن و ئامادەکردنی ڕا پروتەکان بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ بەڕێوەبەر .**

## 6.1 شێوازەکانی ڕاهێنان

راهێنان کردن بە کرێکاران یاخود فەرمانبەران چەندین شێواز هەیە هەندێك شێواز لە شێوازەکانی لەخوارەوە دەخەینە ڕوو : (سیلفا : http://www.fao.org)

### 1.6.1 شێوازی محاضرة

بریتی یە لە بوونی شارەزاییەك کەوا هەڵدەستێت بە پێشکەش کردنی زمانەوانی زارەکی (شەفەوی) بۆ پیشاندانی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندی دارە بە بابەتی کارەکە کەوا هاوشێوەیە لەگەڵ بارودۆخی کار.

**1.1.6.1 لایەنە باشەکانی :** ڕاهێنای ژمارەیەکی زۆری کارمەندان لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی تێچوون.

### 2.1.6.1 لایەنە خراپەکانی:

1. نەبوونی هەماهەنگی پەیوەندی کردن ڕاهێنراوەکان لەکاتی ڕاهێناندا بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لەکاتی ڕاهێناندا یاخود هۆڵەکە.
2. نەبوونی زانیاری کرێکاران (ڕاهێنراوەکان) لەکاتی ڕاهێناندا کە بەشێوەیەك ناتوانن ئەو زانیاریانەی لەگەڵ بارودۆخی کارەکەدا بگونجیٚ یاخود جێبەجێبکەن .
3. نەبوونی پەیوەندی یاخود دروست بوونی پەیوەندییەك لەنێوان محازەرەکە لەگەڵ راهێنەرەکە .

### 2.6.1 شێوازی گویٚ گرتن (بیستن)

ئەو ڕێگەیە بەو جیا دەکرێتەوە کە دەتوانێت پیشانی زانیاریەکانی بدات لەگەڵ بوونی لایەنی باشی کە بەشێوەیەك دەتوانین لەسەری ڕابوەستین یان بیگەڕێنینەوە بۆ سەرەتاوە وەکو پیشاندانی فلیم و سلایدەکان بەجۆرەکانی وە ڕەنگ و شێوە و ڤیدیۆ....هتد. وە زیاتر دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی کەسەکان وە لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هۆی زیاتر تێچوون وە کاتیش .

### 3.6.1 شێوازی لەچاوکردنەوە (المشابهە)

دروست کردنی کۆپیەك لەشوێنی کارەکەی کە پێشتر یاخود لەو شوێنەی کەوا کارمەندەکان کاریان تێدا کردووە وە بەمەبەستی ڕاهێنان کردن بەشێوەیەکی باشتر کە ئەمەشیان شێوازێکی زانست و دروستە بۆ ڕاهێنان بەلاٚم لەهەمان کاتدا دوورە لە راستی .

### 4.6.1 ڕاهێنان بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر

ئەم ڕێگەیە بە فێرکارییەکی تاکە کەسییە نرخیشی گونجاوە وە توانا و خۆ گونجاندنی زۆرە و بەهێزەوە خێرا بلاٚودەبێتەوە .

# کـــۆتـــایـی

سیستەمی ڕاهێنان ی یەکیکە لەو سیستەمانەی کە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی توانای کرێکار لە هەر دام و دەزگایەك وە دەبێتە هۆی زیاتر تێگەیشتن لە ئیش و کاری رێکخراو وە هەروەها بنەمایەکی سەرەکیشە بۆ پێشکەوتنی هەر رێکخراوەیەك چونکە پیشکەوتنی هەر دام و دەزگایەك یان کۆمپانیەك بەستراوەتەوە بە لێهاتوویی ئەو تاکانەی کەوا کاری تێدا دەکەن، ئەم لێهاتویەش دەتوانرێت زۆر بە ئاسانی لە رێگای ڕاهێنان بە دەست بهێنرێت، لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە چەند گرنگی بە توانای کرێکار بدرێت ئەوەندە ئەو ڕیکخراوە دەتوانیت مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات وە ڕکابەری ڕکابەرەکانی بکات.وە بە پێی توێژینەوەیەك کە ئە نجام دراوە هەر خەرجیەك لە ڕاهێنان بکرێت ئەوا 3 دۆلار لە قازانج زیاد دەکات .وە لە کۆتایدا هیوادارم توانیبێتم چەمکی ڕاهێنان و گرنگی و ئاما نجەکانی و ......هتد روون کردبێتەوە.

# سەرچـــاوەکـــان

## أ- مصادر الكتب


1- خضير كاظم حمود،ياسين الخرشة، ***إدارة الموارد البشرية***،2007،طبعة الاولى،دار الميسرة للطباعة والنشر ،الأردن .

2- د. حسن أحمد طعانى ، ***التدريب الإدارى المعاصر*** ، 2007 ، دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة ،الأردن .

3- د. محمد مرعى مرعي، ***دليل التدريب في المؤسسات والإدارات*** ، 2010 ، دار الرضا للنشر والتوزيع ، القاهرة.

4- د . نادر أحمد أبوشيخة ، ***ادارة الموارد البشرية*** ، 2010 ، دار الصفاء للطباعة والنشر ، عمان-الأردن

5- زكى محمود هاشم ، ***إدارة الموارد البشرية*** ، 1989 ، ذات السلاسل للطباعة والنشر والتوزيع ، الكويت .


## ب- المصادر الانترنيت


1- جوزيه غرازيانو دا سيلفا ، ***أساليب التدريب*** ، مستودع وثائق المنظمة ، في :
, 5:36 PM http://www.fao.org/wairdocs/af196a/af196a05.htm 14\4\2015

2- الإرشيف فى اسيا ماسترز سايت ، ***أنواع التدريب*** ، منتديات ستوب ، 2014/3/30 ، 1:47 ص فى :
, 4:33 PMhttp://www.stooob.com/625678.html 14\4\2015

3- ساره نبيل ، ***أنواع التدريب*** ، منتدى الإداره الموارد البشريه ، مصر، 2012/5/15 ، 10:25ص، فى:
http://www.hrdiscussion.com/hr49442.html 13\3\2015 , 09:07PM

4- عبد الرحمن تيشوري ، ***مبادئ التدريب وانواعه والاحتياجات التدريبية*** ، مؤسسة حوار المتمدن ، 2010/3/26 ، 01:20 في :
13\3\2015 , 9:55PMhttp://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=209071